



# ڕۆژنامەنوسیی...{الصحافه}...ڕۆژنامەگەری

# ڕۆژنامەنوس...ڕۆژنامەوانی...ژۆڕنالیستی



یەکێکە لە پیشە هەرە گرنگەکانی ژیانی مرۆڤایەتی...ژۆڕنالیستێک{ڕۆژنامونوس}{صحفی} توانی مۆسۆلینی فاشیست بکاتە مرۆڤێکی ئازا و لێوەشاوەی سەردەمی خۆی...ژۆڕنالیستەکی تر کردیە مرۆڤ کوژ و دیمەنی هەڵواسینی بڵاوکردەوە...ڕۆژنامەنوسێک هیتلەری مرۆڤ کوژی کردە مرۆڤێکی ئازا و لێوەشاوەی سەردەمی خۆی...ڕۆژنامەنوسێکی تر کردیە مشک و مرۆڤ کوژ و نازی دژی مرۆڤایەتی...ژۆرنالیستێک سەرۆکی ئەمریکای ڕوخاند...یەکێکی تر پینۆشیتی




شیلی ڕیسواکرد و کردیە ئەو دیکتاتۆرە خوێنمژەی کە ئێستاکە قەیسەری لێبووە بە کونە جوورج...ڕۆژنامەنوسێک کارەساتی هەڵەبجەی بە هەموو دنیا ناساند ...هەندێک لە کوردە خوێرییەکانمان صدام حوسینیان دەکردە پاڵەوان و زۆر بێشەرمانە بەسەر و گێلاکیان هەڵدەدا...ئێمەش لە ئەوڕوپا بە خەڵکمان نیشان دەدا کە سەگێکی هارە و تووشی

خەڵکی عێراق بووە و دیکتاتۆر و مرۆڤ کوژە...لە رۆژنامە و بڵاوکراوەکان بە هەموو زمانەکانی جیهاندا بڵاومان دەکردەوە کە ئەو صدام حوسێنە ترسنۆک و مرۆڤکوژ و دیکتاتۆرە و لەناو کونە مشکیش شوێنی نابێتەوە ، بۆیە با هەر دەنگدان بکات خەڵک خۆشیان ناوێت ، بەڵام بەداخەوە خوێڕیەکورد هەبوو نەک هەر وەکو پاڵەوان و سەرکردە سەیری دەکرد بەڵکو گۆرانیشیان بەسەروگێلاک وبەژنی دا هەڵدەگووت...ئەوانە لەگەڵ نەمانی صدام حسین وەکو گەڵای دار لە پایز هەڵوەرین و هەتا لە ژیاندامابن سەریان بەرامبەر شەهیدانی ئەنفاڵ و هەڵەبجە شۆڕە...صدام حسین گەورەترین ئیمڕاتۆریەتی رۆژنامەنوسی دروست کردبوو ، هەتا دەموچاوی بە جوانی نیشان بدات ، بەڵام کە روخا یەک رۆژنامەش بەکەڵکی نەهات و رزگاریان نەکرد لەو قۆرتەی کە خۆی تێدا شاردبۆ وە...ئوسامە فەوزی{ اسامه فوزی } رۆژنامە نوسێکی عارەبە خاوەنی سایتی {ئەرەبتایمزە} لەو ماوەیە وتارێکی بڵاوکردەوە بۆ کوردیش رەنگە جێگای سەرنج راکێشان بێت هەتا بزانێ ئەو قەڵەم خوێریانە کێ بوون کە ببوون بە زورنا ژەنی صدام حسین ، هیوادارم نوسەرێکی کوردیش هەمان کاری ئوسامە لە ئەستۆ بگری و بۆ کورد ئەو قەڵەم هەرزان فرۆشانەی صدام حسین لە رۆژنامەگەری کوردی ئاشکرا بکات...ئوسامە فەوزی باسی ئەوەش دەکات کە چۆن رژێمی صدام ویژدانی ئەو رۆژنامەنووسانەی بە هەرزان کڕی بوو هەتا بێدەنگ بن بەرامبەر کارەساتی ئەنفاڵ و هەڵەبجە و گۆڕە بە کۆمەڵەکان...ئەوانەی هاوکاری صدامیان وەردەگرت وەکو:ـ گۆڤاری {الدستور} لەندەن کە {علی بلوط،لوبنانی}دەری دەکرد و ئێستاکەش لە کەناڵی {الجزیره}کاردەکات...{ شوقی الملاسی ، سودانی } ... { یوسف شویری ، لبنانی } ... { خلدون الشمعه ، سوری } ... { غسان زکریا }پاشان گۆڤاری سوراقیای دەرکرد... گۆڤاری {الحوادث} کە {سلیم اللوزی} دەریدەکرد پاشان بەدەستی سوریەکان لە بەیروت کوژرا...صدام بۆ یارمەتی و سەرکەوتنی لەوکارە پشتی بە بەعسیەکانی تر دەبەست وەکو {بدرالدین مدثر، سودانی...علی غنام ، سعودی...ناصیف عواد ، فەلەستینی}...گۆڤاری{ الوطن العربی} کە لەلایەن



صدام حسين خلال أحد استقبالاته لوليد أبو ظهر في الثمانينيات

{ ولید ابو ظهر} لە پاریس دەردەچوو...{نبیل المغربی}... {یاسر هواری، لبنانی} گۆڤاری {کل العرب}لە پاریس دەردەکرد...لە لەندەن رۆژنامەنوسی لوبنانی {فؤاد مطر} گۆڤاری {التضامن}دەرکرد...گۆڤاری {فنون عربیه} کە لەلایەن شاعیر بلند الحیدری لە لەندەن دەردەچوو...{طلال سلمان}...{ریاض طه}رۆژنامەی {الکفاح}دەردەکرد، ئەویش بەدەستی سوریا کوژرا...لە وڵاتی ئوردن صدام بە ئاشکرا کاری دەکرد و بەئاشکرا ئۆتۆمۆبیلی مارسیدیسی خەڵات کرد بۆ رۆژنامەنوس وسەرنووسەرانی رۆژنامەی ئوردنی وەکو{محمد العمد} و {محمود الکاید} و {نبیل الشریف} و {سلیمان عرار}...{خیری منصور}...{علی جعفر العلاق}...{خلیل السواحری}ئاسایشی عێراق موخابەرات گوایە دەزگای چاپەمەنی و پەخشیشی بۆ دامەزراند...لە کویت { احمد الجارالله }خاوەنی رۆژنامەی {السیاسه}...هەتا {الشیخه سعاد الصباح}شیعرەکی بەشانوباڵی صدام هەڵدا و جارالله بۆی بڵاوکردەوە...پاش شەری کەنداوی دووەم و روخانی

ئیمپڕاتۆریەتی رۆژنامەگەری صدام حسین گۆڤاری الدستور و التضامن و کل العرب روی خۆیان گۆڕی بۆ پەیداکردنی پارەی زیاتر...ئەگەر ئەو پیشەیە دەسەڵاتی چوارەمە پاش{تەشریعی...تەنفیذی...قضائی} دەبێ ئەوەندە پاک و خاوێن و راستگۆ بێت کە هەردەم لە خزمەتی مرۆڤایەتی بێت.

فـــەهـــد گـــــردەوانـــی 2006/1/27ستۆکهۆڵم